# جۆرەکانی بەڕێوەبردنی پۆل

- بەڕێوەبردن چەند جۆرێکی هەیە ،هەر لەبەر ئەوەشە کە هەموو مامۆستایەك بەیەك جۆر مامەڵە لەگەڵ هەموو خوێندکارەکان ناکەن،چونکە جۆری بەڕێوەبردن پەیوەستە بە فەلسەفەو جۆری بیرکردنەوەو کەسێتی مامۆستا ،واتە ئەو مامۆستایەی بڕوای بەوە هەبێت کە سروشتی مرۆڤ شەڕ خوازە ئەوا بە جۆرێك مامەڵە لەگەڵ خوێندکارەکان دەکات کە زۆر جیاواز دەبێت لە ئەو مامۆستایەی کە لە و بڕوایەدایە کە سروشتی مرۆڤ خێرخوازە یان بێلایەنە.بە شێوەیەکی گشتی چوار جۆری سەرەکی لە بەڕێوەبردن هەیە کەئەمانەی لای خوارەوەن:

# ١- جۆری دیموکراسی

- لەئەم جۆری بەرێوەبردنە مامۆستا رێزی خوێندکارەکان دەگرێت بە پلەی یەکەم پەنا بۆ لێك تێگەیشتن دەبات و وەك پێویست گوێ لە ڕاو بۆچوونەکانیان دەگرێت و بەزۆر شت بەسەریاندا ناسەپێنێت،هەروەها بە شێوەیەکی بابەتیانە دوور لە دەمارگیری و ڕاو بۆچوون و حەزوو ئارەزوی تایبەتی ،بڕیارەکان دەردەکات و بەیەك چاو سەیری هەموو خوێندکارەکان دەکات و جیاوازی رەگەزو ئاین و نەتەوە و ناوچە،کارناکەنە سەر بڕیارو مامەڵەکانی لەگەڵ خوێندکارەکان واتە جیاوازی لە نێوانیان ناکات و بە هاوکاری و راوێژکردن لەگەڵ خوێندکارەکان بڕیاردەدات و هەرچ کاتێك بۆی دەرکەوت کە بڕیارو مامەڵەیەك لەبەرژەوەندی خوێندکارەکان نیە ئەوا ئامادەیە دووبارە چاو بەو بڕیارو مامەڵەیەدا بخشێنێتەوە.

# جۆری دیكتاتۆری:

- لەئەم جۆرە بەڕێوەبردنەدا مامۆستا کەسێکی دیكتاتۆرو خۆسەپێنەر دەبێت و هەرچی مەبەستی بێت بەسەر خوێندکارەکانیدا دەیسەپێنێت و هیچ بەهاو نرخێك بۆ راوبۆچوون و خەزوو ئارەزوەکانی خوێندکارەکان دانانێت و بەبێ راوێژ ،تاك ڕەوانە بڕیارەکان دەدات و گوێ بە ناڕەزایی و گلەییەکانی خوێندکارەکان نادات و خۆی بەسەرچاوەی یەکەم و کۆتایی زانیاری و بڕیارەکان دادەنێت و بەتەنها و بەبێ گوێدان بە پێداویستی و حەزوو ئارەزووەکانی خوێندکاران ، پلان و چالاکیەکان دادەنێت.زۆربەی جاریش ئەم جۆرە مامۆستایانە پەنا بۆ توندو تیژی و سزا دەبات و بە هێز داواکاری و بریارەکانی جێ بەجێدەکات ،بەبێ ئەوەی هیچ ریزو بە هایەك بۆ خوێندکارەکان دابنێت.

# جۆری گێرە شێوێنی :

- ئەو مامۆستایەی بڕوای بەم جۆرە بوریێوەبردنە هەبێت ئەوا سەربەستی و ئازادی و رەهای بێسنور بە خوێندکارەکان دەدات و بە هیچ شێوەیەك لێیان ناپرسێتەوە و سنور بۆ رەفتارو هەڵەکانیان دانانێت ،ئەم جۆرە مامۆستایانە کەسێتی لاوازیان هەیەو کەسانی کەمتەرخەمن و لە خەمی فێربوونی خوێندکارەکانیاندا نین .خوێندکار لە ئەم جۆرە بەرێوەیردنەدا بە ئارەزووی خۆی ئەم سەرو ئەو سەری پۆل دەکات و هەرچ کاتێك مەبەستی بێت دەچێتە دەرەوەو دێتەوە بۆناو پۆل یان ئەگەر حەزی لە وانەکە نەبوو ئەوا کەی ویستی دەڕواتەوە بۆ ماڵەوە و خوێندنگاو کۆلێژ بە جێدەهێلێت ،بەبێ ئەوەی هیچ بەهاو رێزێك بۆ مامۆستا یان رێنماییەکانی خوێندنگا دابنێت.بە زۆری ئەم جۆرە بەرێوەبردنە لەلای ئەو مامۆستایانە باوە کەکەسێتی لاوازیان هەیە یان کەم تواناو کەم ئەزموونن و زامیاری پێویستیان نیە یان کێشەیان لەگەڵ بەرێوەبەرو سەرۆك بەشەکانیان هەیە یان هەر حەزیان لە پیشەی مامۆستای نیە و تەنها لەبەر بژێوی ژیانیان ئەو کارەدەکەن.

## جۆری کەمتەرخەم :

- ئەم جۆرە بەڕێوەبردنە دەکەوێتە نێوان جۆری دیکتاتۆری و جۆری بەرەڵایی ،واتەمامۆستا دەچێتە ناو پۆل بەبێ هیچ پێشەکی و زەمینە خۆشکردنێك بۆ فێربوونی خوێندکارەکان و یەکسەر دەست دەکات بەڕاڤە کردنی وانەکەی بەبێ ئەوەی گوێ بە جیاوازی تاکی و حەزوو ئارەزوو پێداویستی و کێشەکانی خوێندکارەکان بدات ،لەئەم جۆرە بەڕێوەبردنەدا مامۆستا هەوڵی کۆنترۆڵکردنی پۆل دەدات بەڵام بەبێ ئەوەی گوێ بە کێشەو پێداویستی و ئەو گرفتانە بدات کە دێنە بەردەم فێربوونی خوێندکارەکانی .هەروەها مامۆستا لەئەم جۆرە بەڕێوەبردنەدا ڕێزی بیرو راوبۆچوونی خوێندکارەکان ناگرێت و لەکاتی بڕیارداندا راوێژیان پێناکات ،لەهەمان کاتیشدا هیچ گرینگیەك بە هۆیەکانی دەرنەچوون یان وازهێنانی خوێندکارەکان لە خوێندن نادات.

# چەمکی سەرکردایەتیکردن

- لە ڕاستیدا ئەم چەمکە سنوردارترە لە چەمکی بەڕێوەبردن ،چونکە بەڕێوەبردن گشت ئەو پرۆسسە هاوپەیوەندانەی پەیوەست بە جێ بەجێ کردنی ئامانجەکانی ڕێکخراوێك دەگرێتەوە ،لە کاتێکدا چەمکی سەرکردایەتیکردن چڕدەبێتەوە لە ئاراستکردن و هاندانی کەسانی تر بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو ئامانجە،لێرەشەوە بۆمان روون دەبێتەوە ،کە چەمکی سەرکردایەتیکردن ئەرکێکی لاوەکی پیشەی بەڕێوەبردنە،کە هەریەکە لە ( پلان دانان- ڕێکخستن- سەرپەرشتی کردن- چاودێریکردن ).

**سەرکردایەتیکردن:** توانا دارییە لە ئاراستەکردنی کارو رەفتاری هەر کۆمەڵەیەك ،لەهەر دەزگاو دامەزراوەیەك ،لە پێناو بەدیهێنانی ئەو ئاما نجانەی بۆی دیاریکراوە.

**سەرکردە:** واتە کەسی ئاراستەکارو رێنمایکەری کەسانی تر کەواتە چەمکەکە بریتی یە لە پەیوەندی نێوان دوو کەس یان دوو لایەن ،یەکەمیان ئاراستەکارو رێنماییکارە دووەمیان رەزامەندە بەم ئاراستەکردنە ،مەبەستیش لەم پرۆسەیەدا هێنانەدی ئاما نجە دیاریکراوەکانە.

کەسانی تریش هەن سەرکردە وا دەبینن ،کە مرۆڤێکی سەرکەوتووە لە کۆمەڵەکەی ،بە جۆرێك بەچەمد کارو کردەوەیەك هەڵدەستێت ،کە ئاسان نیە یۆ کەسانی ئاسایی.

# سەرکردایەتیکردن هونەرە یان زانستە؟

- سەرکردایەتیکردن هونەری مامەڵەکردنە لەگەڵ کەسانی تردا ،بە جیاوازی ڕەگەزو ئایین و کلتورو ڕۆشنبیریان،بۆ بە دەست هێنانی متمانەو ڕێزو گوێرایەڵی کردنیان.
- زانستیشە،لەبەر ئەوەی پێویستی بە شارەزایی و مەعریفەی زانستی بەرێوەبردن هەیە ،لەگەڵ زانستەکانی دەروونناسی و کۆمەڵناسی و....هتد ئەمەش لە پێناو ئاڕاستە پێکردنی کەسانی تر بە بەرژەوەندی گشتی.

جیاوازی نێوان بەڕێوەبەرو سەرکردە

| سەرکردە | بەڕیوەبەر |
|---|---|
| لە کارەکانیدا داهێنان و نوێبونەوە دەکات. | زۆربەی کارەکانی بە شێوازی دووبارە ئەنجام دەدات. |
| پشت دەبەستێ بە متمانە کردن. | پشت دەبەستێ بە خۆسەپاندن و زۆر بە دواداچوونەوەی کارەکانی ستافەکەی. |
| پرسیاری بۆچی لەبەرچی دەکات. | پرسیاری(کەی ؟چۆن )دەکات. |
| هەوڵدەدات پلانی کارەکەی بە شێوازێك بێت کە درێژخایەن بێت و پاش ماوەیەکی زۆریش سوودی لێوەربگیرێت. | هوڵ دەدات پلانی کورت خایەنی هەبێت بۆ کاروبارەکانی. |
| ٥. لە کاتی دەربڕین و بیروڕادادا توانای باوەرپێهێنانی کەسی بەرامبەری هەیە. | ٥. لە کاتی قسەکردندا ناتوانێت زۆر بەتەواوی بڕوا بە کەسی بەرامبەر بهێنێت. |
| ٥.گەشەپێدەرە | ٥.پارێزگارە. |
| ٥. زۆربەی ئامانجەکانی دیاری کراون و تایبەتن بەیەك بارودۆخ و هەلوێست. | ٥. زۆربەی ئامانجەکانی بەشێوەیەکی گشتی یە. |